# مانگرتنی سایەق پاسەکان و نانەواکان لە سلیمانی،
# سەرەتای قوناغیّکی تازەی ململانیّی کومەڵایەتی لە کوردستان

**موئەیەد ئەحمەد**
alsheoiya@yahoo.co.uk

پەرەسەندنی وەزعی سیاسی کوردستان زیندویەتی وئەسالەتیکی هەیە کە تەنانەت چەند مانگ لەمەو بەر تەسەور نەدەکرا. بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلك دژی هیزە دەسەلاتدارەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و دوو حزبەکەی، یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر روژە لە بەرین بوونەوەو وقوول بوونەوەدایە. ئەوزاعەکان زور لە گورانکاریدان و جەماوەر بروای نەماوە بە بەلینە دروینەکانی هەیئەتی دەسەلاتدار وچیتر ناتوانی چاوەروانی بکات، هەروەها هیوای نەماوە بە گورانکاری لە سەرەوە ولە نیو بازنەی دەسەلاتدارانی میلیشییدا، نەك هەر ئەمەش، بەلکو ئەم جورە بیرکردنەوەیە خەریکە دەبیتە شوینی گالتە جاری و تورەیی خەلك.

گرانی بی ئەندازەو و زیاد بوونی نرخی سوتەمەنی، مەحروم بوونی خەلك لە خزمەتگوزاریە ئەساسیەکانی وەك کارەباو ئاو، فەسادی ئیداری و دزی وجەردەیی بی سنوور و ریسوابوونی سەرانی هەردوو حیزبەکە ومەسئولەکان، درۆ ودەلەسە وهەڵخەلەتاندنی بەردەوامیان، وەزعیکی لە رادەبەدر قورسی بۆ خەلك هیناوەتە ئاراوەو بووەتە هوی تورەییەکی جەماوەریی بەرین. سەرباری ئەمانەش، ئەم مەسەلانە کە بو خویان پەیوەندیان بە گوزەرانی خەلك وچاوەروانیەکانیانەوە هەیە بو ژیانیکی مەدەنی و هاوچەرخ، لە ئەوزاعیکی گشتی سیاسیدا تەنگی بە خەلك هەلچنیوە، کە میحوەری ئەو ئەوزاعە نادیاری و شاراوەیی چارەنوسی سیاسی جەماوەرە لە کوردستان. با روون تر بلیم ئەم نارەزایەتیە لە فەزایەکی سیاسیدا بەروە پیش دەچی کە سیاسەتی هەردوو حیزبی میلیشی کورد، کە چارەنوسی جەماوەری خەلکی کوردوستانیان بەستەوە بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ستراتیجیەتی لە عیراق و ناوچەکە دا، بە ریگەیەکی داخراو گەیشتوە، هەر بەم پیەش نادیاری و هەلواسینی چارەنوسی سیاسی خەلکی کوردستان زیاتربووەو ئەزمەیەکی سیاسی کوشندەشی بو ئەم هیزە قومیە دەسەلاتدارانە پیك هیناوە.

تەجروبەی بە کردەوە و ژیان لە ژیر چنگی دەسەلاتی ئەم هیزانەدا، ریزی ملیونی جەماوەری خەلکی کوردستانی فیر کردووە کە ئەم هیزە ناسیونالیستانە نوینەرایەتی بەرژەوەندو ئاواتی رزگاری خوازانیان ناکەن. جەماوەر پیویستی بەوە بوو کە خوی کارەکتەری چینایەتی و نائینسانیانەی حاکمیەتی ئەم هیزو وحیزبە ناسیونالیستیانە بناسی و تەجروبەی بکات. ئاسو و بەرژەوەندی ناسیونالیستی کوردی وبزوتنەوەی کوردایەتی خوی ناساند بە خەلك و "پالەوانە" قەومیەکان راستی چینایەتی خویان دەرخست کە چ سەرمایەدارنیکی بی بەزەیین و چ دزو جەردەیەکی ژیانی خەلك و یاری کەرانن بە چارەنوسی سیاسیان. ئەو پەیوندەی کە خەلکی راگرتبوو بەم هیزو حزبە قەومیانەوە ئیستا پساوەو خەریکە بە تەواوی دەپچری وهەروەها بوشاییی سیاسی نیوان خەلك وناسیونالیستە کوردەکان وحزبەکانی لە بەرین بوونەوە وقوول بوونەوەیەکی هەرچی زیاتر دایە کە قەت بەم شیوەیە نەبووە.

وەزعەکە کەمی نیە لە نارەزایەتی وتورەیی خەلك بە رووی هیزە قەومیە دەسەلاتدارەکان و جیابونەوەی سیاسی نیوان ئەم هیزانە وخەلك هەرچی بەرین تر دەبیتەوە و تەنانەت نوقسانی نیە لە ئامادەیی خەلك بو پەرە پیدان بە نارەزایەتیەکانیان بە دژی حزبە قەومیەکان وحکومەتە جەردەکەیان. لە راستیدا، وەزعەکە دەوری چالاکی حزبیکی سیاسی کەمە کە نارەزایەتیەکانی کریکاران و جەماوەر لە کوردستان ریك بخات و رابەرییان بکات و خەباتیان لە بزوتنەوەیەکی سیاسی رادیکال و شورشگیرانەدا بەرەو پیش بەریت، بزوتنەوەوحزبیك کە ببیتە بەدیلیکی سیاسی پیشکەوتنخوازانە وئینسانی و رزگاریخوازانەی بەهیز بە رووی هیزە دەسەلاتدارەکاندا. جەماوەر باس لە بەدیل دەکات، بەلام نەك هەر بەدیلیك بیت، باس لە بەدیلیك دەکات کە لە ئاستی تەوەقوعاتی جەماوەر وئارەزووەکانی بو رزگار بوون لە چنگالی کونەپەرستی قەومی وئایدیال سواوەکانیان وحوکمی میلیشیاییان، بیت. چاوەروانی ئەوەن کە بەدیلیکی پیشکەوتنخوازانە وشورشگیرانە وئینسانیانە بیتە ئاراوە و بە هیز ببیت، بەدیلی قوتبی رادیکالی کومەل، واتە چینی کریکارو ژنان ولاوان و چەپ وئینسان دوست و ئازادیخواز کە زورینەی جەماوەری خەلکی کوردستانن: ئەمەش جەوهەری مەسەلەکەیە.

ئەو قەلشت و بوشاییە کە لە نیو کومەلدا هەیەو ئیستا بەروونی خوی دەردەخات لە خوپیشاندان و مانگرتنەکاندا، بەتایبەت مانگرتنەکانی ئەم دواییانەی سایەق باسەکان ونانەواکان ومانگرتن و خوپیشاندانەکانی هاوینی کریکارانی تاسلوجە وشوینەکانی دیکە ومانگرتنی فەرمانبەران وماموستایان وقوتابیان و.. هتد، قەلشت وبوشاییەکی قوولی کومەلایەتیە وناتوانری بەری پی بگیریت وبوەستینری. ئەوە قەلشتیکی چینایەتیە ومیژووی چەندین دەیە لە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە کوردستان وبەتایبەت میژووی دەسالی رابردووی پەرەسەندنی ئەو سیستمەی لە پشتە.

نارەزایەتی ورەخنە ئیستا لە کوردستان چووەتە دەرەوەی بازنەی تویژی روشنبیران و بالی رادیکال و نیمچە لیبرالی بزوتنەوەی قەومی وئینتیلجینسیای کوردی وتەنانەت خەباتی چەپی تەقلیدی داپچراو لە چینی کریکارو جەماوەر. نارەزایەتی ئیستا بەرینەو وبە دژی دەسەلاتداریەتی هیزە میلیشیا قەومیەکانی کورد وبزوتنەوەی کوردایەتیە، نارەزایەتی خەلکە، کەسانی عادەتی کومەل پیَی هەلدەستن، کریکاران و زەحمەتکیشان وتویژە کومەلایەتیە جوراوجورکانی کومەل کە زەربیەی بەردەوامی حاکمیەتی ئەم هیزانە لە سەر حیسابی تیك رمانی ژیانی خویان ومندالەکانیانە.

مەسەلەی جەوهەری سەبارەت بە حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بو تەدەخولی چالاکانەی لە ئەوزاعی سیاسی کوردستاندا ئەمەیە: کارکردنی هەمەلایەنە کە بزوتنەوەی کریکاری و نارەزایەتی سیاسی و ئابوری خەلك ریك بخات ورابەریی بکات ولە سەر ئەم بنەمایەشەوە خەبات بکات بو بەریخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی شورشگیرانەی بەهیزو کاریگەر بو رزگار کرنی کومەل لە وەزعیکی داخراوی سیاسی کە ئیستا هەیەتی وبو رزگاریی جەماوەر لە دەست حاکمیەتی ئەم هیزە قەومیانە.

پولاریزە بوونیکی چینایەتی تیژ رووی داوە لە کوردستاندا، مانگرتنی سایق باسەکان ونانەواکان لە سلیمانی، شوینیکی گرنگی بو خوی تومار کرد لە نیو ئیعترازی گشتی خەلکدا، دانیشتوانی شارەکانی کوردستان وبەتایبەت سلیمانی ئەو مانگرتنەیان وەك بەشیك لە نارەزایەتی خویان بینی وجیگەی تەئیدیان بوو. مانگرتووەکان پێیان لە سەر ئەوە دا گرت کە پیویستە سوتەمەنی دەستەبەر بکریت بە نرخیکی هەرزان بو هەمووان نەك ئەوەی کە داوای زیاد کردنی نرخی نان و کری پاس بکەن وئەمەش ئەهمیەت و کاریگەرییەکی تری دا بەم مانگرتنانە. ئەوە راستیەکی حاشا هەلنەگرە کە چینی کریکار لە کوردستاندا دەتوانی ببیتە بربرە پشتی پەرەپیدان بە نارەزایتیە جەماوریەکانی ئەمرو، بەلام ئەمە پیویستی بە حزبیکی کومونیستی کریکاریە کە بە شیوەیەکی عەمەلی دەرگیر بیت لە گەل ریك خستن و رابەری کردنی بزوتنەوەی کریکاری لە کوردستان دا لە راستای ئەوەی کە ئەم بزوتنەوەیە رولی میژوویی خوی ببینی لە بەرەوپیش بردن ورابەری کردنی ئیعترازەکانی جەماوەردا.

گورانکاری لە پەیوەندی چینایەتی لە کوردستاندا بوەتە شتیکی بەرچاو و ناتوانری پشت گوی بخریتو رولی نەبینری لە ریچکەی ململانییکی سیاسی کە لەم کومەلگایەدا لە ئارادایە. حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق و بە هوی میژوویەکی دوور ودریژ کە هەی بوە لە خەباتی سیاسی شورشگیرانەی نیو ئەم کومەلگایەدا و بە هوی جیگە وریگە وئیحترامی لە نیو جەماوەری کوردستان دا ودیفاعی لە ئازادیەکانیان و ئاواتە رزگاریخوازانەکانیان، دەتوانی رولیکی گرنگ و کاریگەر ببینی بو گورینی هاوکیشەی هیزە چینایەتیەکانی ناو کوردستان. ئیمە وەك حزب رووبەرووی ئەوەین کە دەبی کاریکی جیدی بکەین تا ئەو فرسەتەی کە هەیە سوود لی وەر بگیرین بو دروست کردن و پەرە پیدان بە بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری شورشگیرانە و ئینسانی، بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە ویەکسانی خوازانە کە کومەلی کوردستان رزگار بکات لە بن بەستی ئەمروی ولە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد وببیتە بزوتنەوەیەکی گەورەی قوتبی رادیکال وئینسانی کومەلی کوردستان.